گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper7
ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٥
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٥/٢٩
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# مێژوی گۆرانی و موزیک لە شاری سلێمانی (١٧٨٤-١٩٩٠)

**عادل محەمەد کەریم[١] - ئیحسان شاکر زلزلە[٢] - ئازاد حەمە عەبدوڵا[٣]**
azad.hama@univsul.edu.iq - ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.iq - adel.violin69@gmail.com
[١]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر، هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغداد، زانکۆی بەغداد، عێراق.
[٣]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق،

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە مێژوی (گۆرانی و موزیک) دەکات لەشاری سلێمانی، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا دوا دەیەی سەدەی بیستەم (١٧٨٤–١٩٩٠)، توێژینەوەکە پێکدێت لە سێ بەش: بەشی یەکەم بریتییە لە پێشەکی کە ڕێکارەکانی توێژینەوەکە. بەشی دوەم بریتییە لە دو باسی بنەڕەتی و هەر باسێک چەند لقێک لەخۆدەگرێت. باسی یەکەم کە قۆناغی پێش تۆمارکردنە، توێژەران لە ڕێگەی دو بەڵگەوە باسەکەیان دەخەنەڕو. بەڵگەی یەکەم بریتییە لە ناوەرۆکی ئەو هۆنراوانەی باس لە گۆرانی و موزیک دەکەن، هەرچی بەڵگەی دوەمە بریتییە لە یاداشتی گەشتی خۆرهەڵاتناسەکان. لە باسی دوەمدا کە قۆناغی دوای تۆمارکردنە، توێژەران هەوڵدەدەن ئەو هۆکارە یارمەتیدەرانە بخەنەڕو، کە بونەتە فاکتەرێک بۆ بەرجەستە بون و پەرەسەندنی زیاتری هونەری گۆرانی و موزیک لە شاری سلێمانی، وەک: دامەزراندنی جۆقی سەربازی، کردنەوەی قوتابخانە و هاتنی ئامێری قەوان و کۆمپانیای تۆمارکردنی گۆرانی و موزیک، دامەزراندنی خانەی پەخشی ڕادیۆ، دامەزراندنی یەکەم پەیمانگەی موزیکی، دامەزراندنی تەلەڤزیون، کردنەوەی خولی تایبەت بە موزیک، دامەزراندنی تیپە موزیکییەکانی شاری سلێمانی و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی ...تادوایی. بەشی سێیەم دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو. هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی.

**وشە کلیلەکان: مێژو، گۆرانی، موزیک.**

## بەشی یەکەم

### ١-پێشەکی:

ئەمڕۆ شاری سلێمانی، کە بەفەرمی ناسراوە بە پایتەختی ڕۆشنبیری لە باشوری کوردستان، دیارە ئەم ناساندنە لەخۆڕانییە، بەڵکو هەر لەسەرەتای دروستبونی شاری سلێمانییەوە، کۆمەڵێک شاعیر و هونەرمەند سەرمەشقی کاری ڕۆشنبیری بونە و بەکار و بەرهەمە بەپێزەکانیان سنوری شاریان تێپەڕاندوە و بونەتە مایەی سەرنجی شارەکانی تری کوردستان. شارێک ئەم نازناوەی پێبڕابێت نابێت مێژوی گۆرانی و موزیکەکەی دیارنەبێت، بۆیە توێژەران لەڕێی هەندێک سەرچاوەوە شرۆڤەی باسەکە دەکەن و لۆجیکانە شتێک لە مێژوی موزیک و گۆرانی شاری سلێمانی بەرجەستە دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو بناغەیە دەنوسرێت، کە توێژەران پێیانوایە بێ بونی سەرچاوەی باوەڕپێکراو ئەستەمە بتوانین باس لە مێژوی گۆرانی و موزیک بکەین. سەبارەت بەم مێژوە لەسەرەتای دروستبونی شاری سلێمانییەوە (١٧٨٤) تا نزیکەی زیاتر لە سەدەیەکیش، نەئامێری تۆمارکردن لە جیهاندا بونی هەبوە، نەنوسینی تایبەت لەسەر هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی لە شاری سلێمانی. بۆیە بۆ هەڵهێنجانی هەندێک زانیاری لەسەر گۆرانی و موزیکی کوردی هانا بۆ سەچاوەی تر براوە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە بەتایبەت دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٨)و پەرەسەندنی زیاتری شۆڕشی پیشەسازی، بارودۆخەکان گۆڕان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاری کردە سەر پەرەسەندنی گشت کایەکانی ژیان، لەوانەش لایەنی هونەری گۆرانی و موزیک. بۆیە لەسەر بناغەی بونی بەڵگەی مادی[i] بۆ شرۆڤەی باسەکە، توێژەران هەوڵیانداوە توێژینەوەکە دابەشبکەن بەسەر دو قۆناغدا:

قۆناغی یەکەم: بریتییە لە قۆناغی پێش تۆمارکردن، کە بە دامەزراندنی میرنشینی بابانەکان دەستپێدەکات و بەڕوخانی میرنشینەکە و هاتن و لەناوچونی عوسمانییەکان کۆتایی دێت. توێژەران ئەم ماوەیەیان بە قۆناغی پێش تۆمارکردن ناوزەند کردوە، بە هۆکاری ئەوەی هیچ تۆمارێکی گۆرانی و موزیکی کوردی شاری سلێمانی لەم قۆناغەدا بەردەست نییە، بۆیە پەنایان بردوەتە بەر هەندێک هۆنراوەی شاعیرانی ئەو سەردەمە و گەشتی هەندێک لە خۆرهەڵاتناسە بیانییەکان.

قۆناغی دوەم: بریتییە لە قۆناغی دوای تۆمارکردن. ئەم قۆناغە لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی فەرمی عێراق لەدوای ساڵی ١٩٢٠ەوە دەستپێدەکات تا ئەمڕۆ، بەڵگەی مادی سەبارەت بەم قۆناغە کەم تا زۆر بەردەستە، کە چۆن تۆمارکردنی گۆرانی کوردی سەرەتا لە ڕێی قەوان و دواتر هۆکارەکانی ترەوە بوە. لەبەرئەوە ئەم قۆناغە بەقۆناغی دوای تۆمارکردن لە قەڵەم دەدەن.

**١- ٢ گرفتی توێژینەوەکە:** بریتییە لە خستنەڕوی (مێژوی گۆرانی و موزیک لەشاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی ١٧٨٤-١٩٩٠). مرۆڤ لە هیچ کات و ساتێکدا بێ هونەر هەڵناکات، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت مرۆڤ و هونەر

دوانەیەکی دانەبڕاون لە یەکتری. مرۆڤی کوردیش بێ هونەری موزیک هەڵینەکردوە، هەمیشە هونەر بەگشتی و گۆرانی و موزیک بە تایبەتی وەک پێویستییەکی بابەتی ژیانی ڕۆژانەی لە بۆنە و ڕوداوەکاندا بەکارهێناوە. کاتێک، کە تەماشای سەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە نەتەوەی کورد دەکەین، بەدەگمەن کتێبێک، یان توێژینەوەیەک دەبینین ئاماژە بە مێژوی گۆرانی و موزیکی کوردی بکات، تەنانەت ئەگەر هەشبێت دەبینین بە جۆرێکی لاوەکی چوەتە ناو مێژوی گۆرانی و موزیکی کوردی و هەرگیز بە سەلیقە و پسپۆرییەوە نەچونەتە ناو وردەکاریەکانەوە، کەواتە ساغکردنەوەی مێژوی هونەری گۆرانی و موزیک لەشاری سلێمانی و خستنەڕوی زانیاری لەسەر ئەم مێژوە گرفتێکە و شایانی توێژینەوەیە. بۆیە توێژەران دڵکارانە لەم لایەنە دەڕوانن و بە گرفتێکی گەورەی لە قەڵەم دەدەن.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران خۆی سەرقاڵی پرسیار گەلێک کردوە لەوانە:

١-بۆ توێژەران گرنگە دەستنیشانکردنی ئاستەکانی هونەری گۆرانی و موزیک لە شاری سلێمانی و ڕۆڵی ئەو هونەرمەندانەی لەو دەمەدا کارابونە؟

٢-ئەو هۆکارانە چین، کە لە پشت سەرهەڵدان و گەشەی گۆرانی و موزیکی کوردییەوەن؟

### ١-٣ گریمانەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە ئەم گریمانانەی لای خوارەوەی لەسەر مێژوی گۆرانی و موزیک لەشاری سلێمانیدا لە ماوەی ١٧٨٤-١٩٩٠ لەلا دروست بوە:

١-بەڵگەی مادی تەواو لە نۆت و تۆمارکراو لەسەر گۆرانی و موزیکی کوردی بەردەستن.

٢- گەلێ گۆرانیبێژ و دەنگبێژی بەتوانا وشارەزا لە فۆرمە جیاجیاکانی گۆرانی کوردی هەبونە.

٣-خولی موزیکی بەردەوام و پەیمانگەی فێربونی موزیک هەبونە.

٤-تیپی موزیکی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوای و ئۆرکێسترایی لەشاری سلێمانی هەبونە.

٥-شانۆی گەورە و شیاو بۆ نمایشی کارە هونەرییەکان هەبونە.

**١-٤ گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕۆشنایی خستنەسەر مێژوی گۆرانی و موزیک لەشاری سلێمانی و هۆکارەکانی گەشەسەندنی ئەم هونەرە.

**١-٥ ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەڕان بەدوای مێژوی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی لە شاری سلێمانی.

**١-٦ سنوری توێژینەوەکە:** سنوری شوێن: شاری سلێمانی

سنوری کات: لەسەرەتای دروستکردنییەوە(١٧٨٤-١٩٩٠)

سنوری بابەت: مێژوی گۆرانی و موزیک.

**١-٧میتۆدی توێژینەوەکە**: لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (مێژوی، بەراوردکاری) بۆ شرۆڤەی مێژوی گۆرانی و موزیک لەشاری سلێمانی بەکارهاتوە.

**١-٨-پێناسی وشە کلیلەکان:**

**١-مێژو**: شپنگلەر لە پێناسەکردنی چەمکی مێژودا دەڵێت: "مێژو بریتییە لەو فۆرمەی بە هۆیەوە مرۆڤ تێدەکۆشێت بۆ دەرککردنی بونی زیندوی جیهان، لەڕوی پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە، بەو هۆیەشەوە دەتوانێت بگات بە پەیپێبردنی حەقیقەتی قوڵ هەر بۆیە لە ڕێگەی مێژووەوە دەتوانین لە گۆڕانکاریەکان بکۆڵینەوە و لێیان تێبگەین، کە چۆن کۆمەڵگە و نەتەوە و جیهان گەشتوە بەم حاڵەی ئێستا. مێژو مانایەکە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردو و ئێستامان، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ڕوداوە مێژوییەکانی ڕابردو لە گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە یارمەتیمان دەدات، کە بە باشی لە ئێستامان تێبگەین و پێشبینیمان و کارکردنمان بۆ داهاتو بە باشی پرۆسێس بکەین (مێژوی کورد، فەیس بوک،٢٠١٧/١٠/٢١)

٢-**موزیک**:

یەکێکە لە هونەرە جوانەکان، لەڕوی گوزارشتەوە باڵاترینیانە، موزیک زۆر بەزوی هەست و سۆزی مرۆڤەکان دەجوڵێنێ، بۆیە لە ڕوی دەرونییەوە کاریگەرترینییانە.(سروە،٢٠١١ :١١)

لای توانا حەمە، موزیک: هونەری بەیانکردنی هەستەکانی مرۆڤە لە بۆتەی دەنگدا و وابەستەی هەستە خودییە دەرونییەکانییەتی. گوزارشتی ئەم هونەرە بە (ئاواز، هارمۆنی، بەرزی و نزمی دەنگ، ڕیتم، ئارتیکلولەیشن) وابەستەیە. (حەمە،٢٠١٦ :١٢).

پێناسی ڕێکاری بۆ چەمکی موزیک: توێژەر پێیوایە موزیک هەردو زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەکان لەخۆدەگرێت، زانستی سروشتییە لەبەرئەوەی لەرینەوە دروستەکانی موزیک لەڕوی فیزیاییەوە خەملێنراو زانستیانە ژمارەی لەرە دەنگییەکان بەژمارە دەستنیشانکراون.

زانستی مرۆییە، لەبەرئەوەی موزیک پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زانستە مرۆییەکانی وەک موزیک و کۆمەڵ موزیک و دەرونزانی و موزیک و فۆلکلۆر فەلسەفەی موزیک و سەرجەم زانستە مرۆییەکانی دییەوە هەیە، موزیک واتە مرۆڤ بون.

٣-**گۆرانی**: واتە ئاوازێک، کە تەنیا لە دەنگی قورگی ئادەمیزادەوە دەردەچێت، بە وشەو کێشی کاریگەرەوە بوترێت. دەشێت دەنگی ئامێری مۆسیقای لەگەڵ دابێت.(قەرەداغی،١٩٨٦ :٥٥). لای عبدالحمید حمام گۆرانی بەواتای دەربڕینێکی دەنگی مرۆیی دێت، بەهاوکاری ئامێری موزیک بێت یان بێ ئامێر.(الجزراوی،٢٠٠٤ :٢٠).

پێناسەی ڕێکاریی بۆ چەمکی گۆرانی: بریتییە لە گوزارشتی دەنگێکی سازی مرۆڤ بۆ وشەو ناوەرۆکی هۆنراوەیەک بە ئاواز و ڕیتمێکی لۆجیکانە، بەدەنگی گۆرانیبێژێکی تەنیا یاخود بەهاوشانی ئامێرێکی موزیکی یان دوان و سیان یان گروپێکی موزیک.

## بەشی دوەم:

### ١-٢ باسی یەکەم: مێژوی گۆرانی و موزیک لە شاری سلێمانیدا پێش تۆمارکردن:

لێرەدا ئەوەی توێژەران پەنایان بۆ بردوە و کردویانەتە هەوێنی باسەکەیان ئەم دو بەڵگەیەیە:

بەڵگەی یەکەم: هۆنراوەی شاعیرانی کورد.

بەڵگەی دوەم: گەشتی خۆرهەڵاتناسەکان بۆ سلێمانی لەسەردەمی فەرمانڕەوای بابانییەکاندا.

بەڵگەی یەکەم و لێکدانەوەی:

سەبارەت بە بەڵگەی یەکەم پێمانوایە، کە زۆرێک لە شاعیرانی کورد بە بەیت و دوان ئاماژەیان بە هونەری موزیک داوە، بۆ نمونە مەحوی شاعیر لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

ئەی دڵ بناڵە، ساز بدە چەنگی بەزمی عیشق _ مەی خوێنی جەرگە، ناڵەی مەحزونیە گەرەک

ئەمڕۆ لەکن زەمانە هونەر بۆتە قەشمەرێ _ شێری ژیانی بۆ چییە، مەیمونیە گەرەک!! (مودەریس، ١٩٨٤: ١٩٢).

هاوکات دەبینین مستەفا بەگی کوردی، کە لەسەروبەندی میرنیشینی بابانییەکان ژیاوە لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی (دڵ لە میحنەت کەیلە ئەی پیری موغان) گوزارە لە گۆرانی و موزیکی ئەو سەردەمە دەکات. هۆنراوەی ناوبراو لە ئەدەبی کوردیدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەم بارەیەشەوە مامۆستا حەمە بۆر لە دیوانی (کوردی)دا ئاماژەی بەوە کردوە، کە ئەم هۆنراوەیە، کەلێنێکی گەورەی سەردەمەکەی خۆی لە نیشتماندا بۆ پڕکردوینەتەوە و کون و قوژبنی نادیاری ئەو کەلێنەشی بۆ ئاشکرا کردوین.(حەمە بۆر،٢٠٠٠ : ٢٥٦) .

توێژەران پێیانوایە، کە ئەم لایەنە دەروازەیەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مێژوی هونەری گۆرانی و موزیک کوردی سەردەمی بابانییەکان.

بۆ بەرچاوڕونی زیاتر بە پێویستی دەزانین لەخوارەوە چەند دێڕێک لە هۆنراوەکەی کوردی شاعیر بخەینەڕو:

دڵ لە میحنەت کەیلە ئەی پیری موغان

هەر ئەتۆی بۆ بارەگای عەیشو طەڕەب مەسنەد گیراز

(ئاغە زەننون) لێ بدا (سینەکەمان) (فارس) (کرفت)

(ئەلکە) (تەنبور) و (دەف) و (ئەسعەد)بدا دەستی (ساز)

با (رەسوڵ) هەڵداتە (ڕاست)، صالح بڵێ (نیوە شەوی)

(محییەدین) (چوارگاە) و (قەرە) دەنگی بڵندکا بۆ (قەزاز)

(مستۆ) (ئیبراهیمی) (ئەوڕەحمان) (نەوا) و (فەتحی) حەزین

(مستەفا) (ناری) و (سێگا) (یونس) و (شەهری) و (حیجاز)...تادوایی

ئەم هۆنراوەیە لە(٣٧) بەیت پێکدێت و نوسەری دیوانەکە (٩٧) لاپەڕەی لەسەر نوسیوە و وشە بە وشەی هۆنراوەکەی لێکداوەتەوە. لە هۆنراوەی ناوبراوی کوردیدا ناوی (٢٨) گۆرانیبێژ هاتوە و ئاماژە بە تواناو شارەزای و چڕینی گۆرانی و مەقامی هەریەکەشیان دراوە. هەروەها ناوی (٣١) جۆری گۆرانی و هاوکات ناوی (١١) ژەنیار

و (١٥) ئامێری موزیک بردوە، هاوکات ئاماژەی بە هەندێک مەقام و دەستگەی خۆرهەڵاتیش کردوە. (حەمە بۆر، ١٥٧-١٦٠)

هۆنراوەی دڵ لە میحنەت کەیلە پێمان دەڵێت: ئەوەی لەم سەردەمەدا کەم تا زۆر هەبوە زانیاری تیۆری بوە سەبارەت بە گۆرانی و موزیک. ئەڵبەتە ناوهێنانی پەیژەکان لەم هۆنراوەیەدا جێی هەڵوێستەیە و ئەوەش دەسەلمێنن، کە هەندێک لە ژەنیار و گۆرانیبێژەکان زانیاری و شارەزاییان لەسەر ناوی پەیژەکان هەبوە و پەیژەکانیشیان لەیەکتری جیاکردوەتەوە و لە کۆڕو کۆبونەوەکانیشدا باسیان کردوە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە کوردی شاعیر بە دڵنیاییەوە ئەم ناوانەی بەرگوێ کەوتون، بۆیە شاعیر ئەم ناوانەی وەرگرتوە و بەم شێوەیە جێگەی لە هۆنراوەکەیدا کردونەتەوەو زۆر بە جوانیش بەکاریبردون.

بەپێی ئەم هۆنراوەیە بێت لەسەردەمی بابانییەکاندا لە سلێمانی گۆرانی و موزیکێکی تاڕادەیەک جیا لە گۆرانی فۆلکلۆری هەبوە و کەم تا زۆریش گرنگی بەم لایەنە دراوە، هەروەها لە سلێمانی ژەنیار و گۆرانیبێژێکی زۆر هەبون و چەند مەقامێکیش وتراون، هاوکات ئەوەش دەڵێم، ئەگەر میرنشینی بابان توشی ئەو شکستە نەبوایە دڵنیام ئێستا هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی پێشکەوتوتر دەبو. هەروەها مەرج نییە ئەم زانیاریانەی کە خراونەتەڕو تەنیا تایبەت بن بە ژەنیارو گۆرانیبێژانی ناو شاری سلێمانی، چونکە سلێمانی لەو کاتەدا تاڕادەیەک وەک شارێکی مۆدێرن و بەهۆی ئارامی و سەربەخۆی فەرمانڕەوای بابانییەکانیشەوە لە هەمو لایەکەوە چین و توێژە جیاجیاکان ڕویان تێکردوە، لە ناویاندا شاعیر و هونەرمەندانیش هەبوە، بەڵگەشم لەم بارەیەوە هۆنراوەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە،کە بەڕونی پێمان دەڵێت:

لەبیرم دێ سلێمانی کە (دارالملک)ی بابان بو

نەمەحکومی عەجەم نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بو(تاڵەبانی،٢٠١٠: ٢٨١)

دواتر بۆ گەرمکردنی بەزم و شەوارەی دیوەخان زۆر لە هونەرمەندانی ئەو سەردەمە بانگهێشتکراون و کوردی شاعیریش یەکێک بوە لە ئامادەبوان. کە ئەو زانیاریانەی لەلایەک لەو مەجلیسانەوە وەرگرتوە، لەلایەکیتر کوردی شاعیر یەکێک بوە لەو شاعیرانەی زۆر جار سەردانی ئێران و وڵاتانیتری کردوە، (ساحێب قران،١٩٧٣: ٩) کوردی بە هۆی ئەم دو هۆکارەوە ئەم زانیاریانەی وەرگرتوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: ئەم هۆکارانە هەوێنی لەدایکبونی ئەم هۆنراوە پڕ بەبەهایەیە، وێنایەکمان لەسەر قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی بۆ بەرجەستە دەکات.

بەڵام لێرەدا پرسیاری بە هەندوەرگیراو ئەوەیە: ئایا دەقی ئەم هۆنراوەیەی کوردی کە سەرلەبەری باسی گۆرانی و موزیک دەکات، یاخود هەندێ بەیتی هۆنراوەی شاعیرانی کوردی تر تینوێتی ئێمەی توێژەری بواری گۆرانی و موزیک دەشکێنێت؟ ئایا ئەم هۆنراوەیە بەتەنیا بەسە بۆ لێکدانەوەی زانستی دەربارەی مێژوی گۆرانی و موزیکی گشت ماوەی فەرمانڕەوای بابانییەکان (١٧٨٤-١٨٥١) لەشاری سلێمانی؟ ئەگەر ئەو ماوەیە بە قۆناغ و سەردەمەکانی

موزیکی جیهانی بەراورد بکەین، ئەم سەردەمە سەردەمی ترۆپکی شێوازی موزیکی کلاسیک و سەرەتای سەردەمی شێوازی موزیکی ڕۆمانتیکییە لە ئەورووپادا.[ii]

بەڵام بەپێی ناوەرۆکی هۆنراوەی کوردی ئاستی هونەری گۆرانی و موزیکمان بەبەراورد بە ئاستی گۆرانی و موزیکی ئەورووپی ئەو سەردەمە لەوپەڕی هەژاریدایە. ئاستەکان زۆر نابەرانبەرن، بۆیە تەنیا ناوهێنانی چەند بەستە و پەیژە و ئامێرێکی موزیک لە دوتوێی هۆنراوەیەک شتێکی وامان پێنابەخشێت، کە تینوێتی ئێمەی موزیسیانانی بەتەواوی پێ بشکێت! بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم بەڵگەیە بە تەنیا بەس نییە، چونکە هۆکارێک نییە تا بتوانین لەڕێیەوە دەستنیشانی سیماو توخمە بنەڕەتییەکانی ئاوازی گۆرانی و موزیکەکان بکەین. بەڵام وەک بەڵگەیەک بۆ گۆرانی و موزیکی ئەو سەردەمە ڕەهەندێکی مێژویی گرنگە.

بەڵگەی دوەم: گەشتی خۆرهەڵاتناسەکان[iii]، دەتوانین بڵێین یاداشتی گەشتی خۆرهەڵاتناسەکان لە ساغکردنەوەو هەڵێنجانی زانیاری لە زۆر بواردا گرنگە، بەتایبەت ئەو بوارانەی، کە بەڵگەی ئەو تۆ نییە لەسەریان، بۆیە توێژەر پەنای بۆ یاداشتی هەندێ لەو گەشتانە بردوە، کە زۆر باسیان لێوەدەکرێت لەوانە: گەشتی (ڕیچ) لە ١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٢٠ بۆ سلێمانی (ریچ،١٩٥١:٩٥) لەبەشێکیدا سەرەتا دەڵێت: لە مانگی ڕەمەزاندا کوردەکان جۆری ژیانیان دەگۆڕن، بە ڕۆژ بە تەزبیحات و قورئان خوێندنەوە خەریکن، شەوانیش تا درەنگ بە ڕابواردن و گاڵتە و گوێگرتن لە گۆرانی و موزیک کات بەسەر دەبەن.(سائیب،١٩٥٧ :٧٦).

هەر لەم گەشتنامەیەدا بە کورتی لە بارەی گۆرانی و موزیک بەم جۆرە دەدوێت: پاشاکانی بابان هەفتەی جارێک یان دوجار لەگەڵ پیاو ماقوڵاندا بەمەبەستی گوێگرتن لە گۆرانی و موزیک کۆدەبنەوە، دەڵێت ئامێرە موزیکییەکانی ئەو دەمە بریتیبون لە (دەهۆڵ، زوڕنا، شمشاڵ، دەف، تەپڵ، بلوێر و دوزەل)ە، هەروەها ئاماژە بەناوی گۆرانییەکان دەکات، کە دەڵێت گۆرانی: (لەیلێ گیان و گۆرانی ئەز دەناڵم، ئازیزێ، مەمکوژە بەناز، مەلەکێ جان)یان بۆ وتوین، ئاماژەش بەوە دەکات، کە گوایا لەسەر شێوازی گۆرانی (سنەش) گۆرانییەکیان بۆ وتین کە لە هاوارێکی خەمناک دەچو، هەروەها ڕیچ لە گێڕانەوەکەیدا ئەوەش دەڵێت: کە دوێنێ شەومان لەگەڵ دو بلوێرژەنی کوردا بەسەر برد، کە بلوێرەکانیان لە قامیش دروستکرابون، هەردوکیشیان لەسەرخۆو بەئاوازی خەمئامێز بلوێرەکانیان دەژەند.(باقی،٢٠١٢: ٢٠)

لەسەر ئەم یاداشتەی ڕیچ تایبەت بە گۆرانی و موزیک، مامۆستا محەمەدی حەمە باقی بەم ئاکامانە گەیشتوە، کە توێژەر لە گەڵیدا هاوڕایە:

یەکەم: ئەو ئامێرە موزیکیانەی ناوبردون ئامێری زۆر سەرەتایین.

دوەم: گۆرانی (مەمکوژە بەناز و لەیلی گیان) گۆرانی باوی ئەو دەمەی شار بوە.

سێیەم: گۆرانی (ئەز دەناڵم مەلەکێ جان) دو گۆرانی بادینین و تایبەتن بە باکوری کوردستانەوە، چونکە لە باکوری کوردستانەوە چەند قوتابییەک بۆ خانەقاو تەکییەی (مەولانا خالیدو شێخ مارفی نۆدێ) بەمەبەستی خوێندن هاتون و ئەوانە بەدڵنیاییەوە هەڵگری ئەو ئاوازانە بون.

چوارەم: گۆرانی (ئازیز)یش ئاوازو بەیتێکی ناوچەی موکریانە.

پێنجەم: ئەو گۆرانیەی شێوەزاری سنەش، کە کەم تێگەیشتون دیارە دیالێکتی (گۆران-ئەردەڵانە) ڕەنگە (سیاچەمانە)ش، کەواتە دوای تێپەڕبونی (٣٦) ساڵ بەسەر دامەزراندنی شاری سلێمانی هێشتا ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیری هەمەلایەنە بەسەر سلێمانیدا هەیەو ڕەنگاڵەییەک لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا بەدیدەکەین (باقی،٢٠١١: ١٦٥).

ساڵی ١٨٣٤ جێمس بێللی فریزەر و ساڵی ١٨٤١ ئۆژین فلاندن، کە گەشتیان کردوە بۆ سلێمانی هیچ کامیان لە گەشتەکانیاندا ئاماژە بە هونەری گۆرانی و موزیک ناکەن، تەنیا ئاماژە بە نەهامەتی و قاتوقڕی و برسێتی و هەژاری و بڵاوبونەوەی پەتای تاعون و کۆچی دانیشتوانی ناوچەکە دەکەن، ئەمەش لەئاکامی ململانێیماڵباتی میرنشینەکانی بابان لەلایەک، لەلایەکی تر ململانێی دەستخستنە سەر کاروباری میرنشینەکان لەلایەن هەریەک لە عوسمانییەکان و ئێرانییەکانەوە. هەروەها شەڕی ئەم دو لایەنە، بەربەست و ئاستەنگ بون لەبەردەم گەشەکردنی لایەنی ڕۆشنبیری بە گشتی و بەتایبەتیش هونەری گۆرانی مۆسیقا لە شاری سلێمانی. دواتر ساڵی ١٨٥١ کاتێک، کە میرنشینی بابان لەلایەن عوسمانییەکانەوە لەناودەبرێت و بەیەکجاری دەسەڵاتی سلێمانی و سەرلەبەری دەڤەرەکە وەردەگرن (سلێمانی) دەبێتە لیوا (سنجق)یەکی سەربەخۆی سەر بە ویلایەتی شارەزور کە ناوەندەکەی کەرکوک بوە موتەسەریفیشی بۆ دانراوە.(ساڵح، ٢٠٠٣: ٣).

عوسمانییەکان وەک هێزێکی خاوەن دەسەڵاتی ستەمکار لە ناوچەکەدا خۆیان دەنوێن و سەروبەری میرنشینەکە دەشێوێنن. هەندێ لە هۆنراوە نیشتمانییەکانی سالمی شاعیر باشترین گەواهی ئەم ڕاستیەن.(عوسمان،٢٠٢١:٥٠) دیارە لەم کاولکاریەش بەشی شێر بەر هونەری گۆرانی و مۆسیقا دەکەوێت، توشی هەڵکوڕمانی دەکات. ئەمە جگە لەکاریگەری گۆرانی و موزیکی تورکی بۆسەر گۆرانی و موزیکی کوردی.

دوای دارمانی دەسەڵاتی حوکمڕانی بابانییەکان (عوسمانییەکان ماوەیەکی زۆر دەستیان بەسەر هەمو ئەو ناوچانە گرت، کە پێشتر لە ژێر ڕکێفی بابانییەکاندا بون.(الچاوشلی،١٩٧٦:٨٩)

توێژەری هۆڵەندی (مارتن فان برنسن) ئاماژە بەکاریگەری دارمانی ئەم ئەمارەتە کوردیانە دەدات لەسەر دەستی عوسمانییەکان و دەڵێت: (دارمانی ئەمارەتەکانی کورد وایکرد دەسەڵاتی سیاسی ناوخۆی کوردستان بکەوێتە ژێر ڕکێفی هەندێک لە سەرۆک هۆزەکان و هەمیشەش ململانێ لە نێوان ئەم سەرۆک هۆزە بچوکانە هەبون و گشتیان لەوانەبون، کە بە فەرمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان کاریان دەکرد و وەلایان بۆ ئەوان هەبو(عثمان،١٩٨٤: ٢٥). بە ٢٤ ساڵ دوای دارمانی میرنشینی بابانییەکان لەمیانەی چاکسازیی عوسمانییەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٧٥ یەکەم قوتابخانە لە سلێمانی کراوەتەوە.[iv]

شار لەو کاتەوە هەمو دامودەزگا و فەرمانگەیەکی حکومی و بەڕێوەبردنی بۆ پێکهێنرا لەوانە شارەوانی (بلدیة) کە فەرمانگەیەکی بنچینەی گەورەو فرەئەرک بوە(ساڵح، هەمان سەرچاوە:٣).

ژیان لەژێر ڕكێفی دەسەڵاتی عوسمانییەكان مایەوەو توانیان ناوی زۆرێك لە شارۆچكەو گوندەكانی كوردستان بتوركێنن. لەگەڵ دەستپێكی یەكەم جەنگی جیهانیش بە هۆی تێوەگلانی عوسمانییەكان بەو شەڕە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەڵمانییەكان وردە وردە دەسەڵاتەكەیان بێ هێزو پێزی ئەوتۆی نەما.

تا كۆتایی یەكەم جەنگی جیهانی ١٩١٨ دوای ئەوەی دەسەڵاتی حوكمی عوسمانی كۆتایی هات لە یەكەم خولی حوكمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەكان سلێمانی وەک لیوا خرایە سەر ویلایەتی موسڵ.(رؤوف،١٩٩٢: ٢٤٧)

بێگومان گۆرانی و موزیک لە ڕۆحدایەو دوای لەناوچونی هونەرمەندەكانیش، ئەگەر تۆماریش نەكرابن سینە بۆ سینە، كەم تا زۆر ئەو گۆرانی و موزیكە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەكانی داهاتو. هەر لەو ماوەیەشدا، واتە لە كۆتایی دەسەڵاتی میرنشینی بابانەكان و سەرەتای دەسەڵاتی عوسمانی و تا كاتی دارمانی دەبینین ناوی چەند گۆرانیبێژو ژەنیار هەیە، كە بۆنە و كۆڕ و دانیشتنەكانی شاریان گەرمكردوە. لەم بارەیەوە لە نوسینێكیدا عوسمان شارباژێری ئاماژە بە ساڵی لە دایكبون و كۆچی دوایی هەندێ لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی دەكات، كە مێژوی زوربەیان بۆ قۆناغی دوای میرنشیتی بابان دەگەڕێتەوە لەوانە: ١-(حەسەنی ئامی١٨٢١ – ١٨٨٥) ٢-(حەمە شێره١٨٤٠ – ١٨٩٤) ٣-(كاكە ڕەشی ئەحان١٨٤٥ – ١٨٩٨)٤ -(عەزیزی ئامینه١٨٥٠ – ١٩١٥ ٥-(دەرویش عبدالله١٨٨٠ – ١٩٥٥ )...تا دوایی. (شارباژێڕی،٢٠١٠[٧])

بەشێوەیەكی گشتی بەپێی ئەو زانیاریانەی كە ئێستا لەبەردەستدان: هونەری گۆرانی و موزیک لە (١٧٨٤-١٩١٨) ڕەنگە لە سەرەتای سەربەخۆی میرنشینی بابان كۆمەڵێک ژەنیار و گۆرانیبێژی شارەزا هاتبێتنە سلێمانی و هەندێك جار ناوی هەندێك لە پەیژەی گۆرانییەكان و هەندێك لە ئامێرە موزیكییەكانی وەک ئامێری كەمان (جۆزە) و ئامێری ساز و هەندێک لە ئامێرە كوردییەكانی تریان هێنابێت، بەڵام بەڵگەی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە، بەگشتی دەتوانین بڵێیین: (گۆرانی و موزیک لە بواری دەنگی خۆرسک و هەوڵی تاک لایەنەی گۆرانیبێژەكان هەندێ گۆڕانكاری لە میانەی گۆرانییەكان كرابێت هەوڵی دەرچون هەبوبێت لە شێوازی گۆرانی فۆلكلۆر، بەڵام بەهۆی نەبونی بەڵگە، ناتوانین بە ڕەهایی پەنجەیان بخەینەسەر.

بەشێوەیەكی گشتی گۆرانی و موزیک لە شێوە سادە باوەكەیدا بوەو بە هۆكاری ئەوەی، كە تیپی موزیكی دیاریكراو نەبوە، هەروەها ئاماژە بەهیچ ئامێرێكی موزیكی خۆرئاوای و بەهیچ موزیسیانێكی كوردی ئەكادیمی ناوشاری سلێمانی نەكراوە ئەوەی هەبوە تەنیا چەند بەهرەمەندێک بون لە بواری دەنگ و ژەنینی ئامێرە لۆكاڵی و خۆرهەڵاتییەكان و هەندێ بۆنەی تایبەت كۆی كردونەتەوە.

بەكورتی لەم قۆناغەدا بەڵگەی تۆماركراومان نییە، چونكە ئامێری تۆماركردن نەبوە، هەروەها زانستی تیۆری موزیک وەک پێویست بونی نەبوەو هونەرمەندی كورد نەبوە شارەزای ئەلفوبێی موزیک بوبێت، تا هەندێ لە ئاوازی گۆرانییەكانی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی بۆ نۆترێژ بكردینایە، تەنیا هەر زارەكی بون و تۆمارنەكراون و نەشخراونەتە سەر پەڕاو.

**٢-٢ باسی دوەم: مێژوی گۆرانی و موزیک لە شاری سلێمانیدا پاش تۆمارکردن:**

لە تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٢٠ز دوای ململانێیەکی زۆر سەخت لە عێراق یەکەم حکومەت بە سەرۆکایەتی نەقیب عەبدولرەحمان گەیلانی دامەزرا، لە دوای ئەم دامەزراندنەشەوە وردەوردە سەرەداوی فەرمیبونی دەسەڵات و دامەزراوەکانی سەریهەڵدا و مەلیک فەیسەڵی یەکەم (١٨٨٥-١٩٣٣) لە ٢٣ی ئابی ساڵی ١٩٢١ لە ئاهەنگێکی فەرمیدا تاجی لەسەر نراو کرا بە پادشای عێراق.(تريب،٢٠١٠ : ٦٠-٦٤). ساڵی ١٩٢٢ شێخ مەحمود حکومەتی کوردی بونیادنا، کە پایەتەختەکەی شاری سلێمانی بو. دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یەکانگیرنەدەبو لەگەڵ پیلانی ئینگلیزەکان کە لەو کاتەدا عێراقیان داگیر کردبو (دیمنجینکۆ،٢٠٢٢:٢١)، بۆیە ئینگلیزەکان بەچەک و هێز بەرەنگاری ئەم حکومەتە بونەوەو پشێوی باڵی کیشا بەسەر شاردا و شێخ مەحمود چەند جارێک شۆڕشی چەکداری لە دژی حوکمی بەریتانییەکان هەڵگیرساند[vi]، بەمەش پشێوی لە ناوچەکەدا دروستبو. لەگەڵ ئەمانەشدا لە دەیەمی دوەمی سەدەی بیستەوە کۆمپانیاکانی تۆمارکردن ڕویان لە بەغدادی پایەتەختی عێراق کرد و وردەوردە گۆرانیبێژەکان لەزۆربەی پارێزگاکانی عێراق ڕویان لە بەغداد دەکرد بە مەبەستی تۆمارکردنی گۆرانی لەسەر قەوان.

بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٠٨ ئامێری گرامافۆن هێنرایە سلێمانی، ئەمەش لەلایەن (حاجی ئەمین کاکە حەمە و حاجی عەبدوڵڵا عەزیز) لە کاتی گەڕانەوەیان لە مۆسکۆ دو جیهازی گرامافۆن و چەند قەوانێکیان لە گەڵ خۆیان هێنابوەوە بۆ شاری سلێمانی، کە یەکێک لە جیهازەکانیان بە (حەمدی ئەفەنی) گۆرانیبێژ فرۆشتبو، کە خاوەنی چایخانەیەک بوە، لە خوار سەرای سلێمانی. ساڵی١٩٢٠یش کاتێک شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان لە مەنفا گەڕاوەتەوە عیزەت ئەحمەد کوردی گۆرانیبێژ هەستا بە تۆمارکردنی گۆرانییەک لە کۆمپانیای بەیزافۆن[vii]، هاوکات ساڵی ١٩٢٤ عەلی مەردانی گۆرانیبێژیش لە کۆمپانیای هۆمۆکۆرد گۆرانی تۆمارکردوە، ساڵی ١٩٢٦یش حەمدی ئەفەنی خاوەنی چایخانەی شەقامی سەرا چەند گۆرانییەکی لە کۆمپانیای (أبو الکلب)تۆمارکردوە. (ناسراو،٢٠٠٢: ٣٩). هەر لەم بارەیەوە لە سەرچاوەیەکی تر مارف ناسراو ئاماژە بەوە دەکات، کە عومەر قەزاز ساڵی ١٩٢٦-١٩٢٧ یەکەم کەس بوە، کە بۆتە بریکاری (قەوان) لە شاری سلێمانی (ناسراو،٢٠٠٢: ٤٣).

ئەمەو ڕەشید عەبدوڵڵا میرزا عەزیز ناسراو بە (ڕەشۆل) ساڵی ١٩١٢، لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە دایکبوە، لە کۆتای بیستەکانی سەدەی ڕابردو بەهاندانی عومەر قەزازی بریکاری(قەوان) لە سلێمانی، (ڕەشۆڵ) لەگەڵ مەلا کەریمی گۆرانیبێژ لە شاری بەغدا لە کۆمپانیای بەیزافۆن چەند گۆرانی و سرودێکیان لەسەر سیستەمی گرامافۆن (قەوان)تۆمارکردوە و دوابەدوای ئەمانیش چەند گۆرانیبێژێکی کوردی تر هەمان شتیان کردوە.

کاتێک گوێ لە گۆرانییە تۆمارکراوەکانی سەر قەوانەکان دەگرین، زیاتر دەنگی گۆرانیبێژ بەرجەستەیە تاشتێکی تر،هەرچی کاری موزیکە دابەشکردنێکی سادەی تیا دەبیستیت وساتی گۆرانیش بەبێ هاوشانی موزیکە و زۆربەی جار ئامێری ڕیتم بەردەوام هاوشانە یاخود، ئەگەر ئامێرەکانی تریش هەبن تەنیا لاسایکردنەوەی ئاوازی بنەڕەتی گۆرانیبێژەکەیە بە ئامێرە موزیکییەکان، هارمۆنی دەنگەکان بەدیناکرێت و دەنگی کۆرس بەدەگمەن دەبیسترێت ئەمەو گۆرانییەکان لە مۆرکی گۆرانی فۆلکلۆردان و مۆرکی موزیکەکانیش بە حوکمی ئەوەی، کە ژەنیارەکان کورد

نەبون مۆرکی کوردیان زۆر پێوە دیارنییە. ئەم دیاردەیە تا دامەزراندنی ڕادیۆی کوردی بەغدا لە کۆتای سییەکان و تا ساڵانی شەستەکان و حەفتکانی سەدەی ڕابردوش هەر هەبوە، لە گەڕانەوەشمان بۆ گوێگرتن لەو کارانە بەڕونی هەست بەوە دەکەین، زۆر جار کە موزیکی کارەکە دەستپێدەکات هەست ناکەیت گۆرانییەکە کوردییە، ئەم هەستەش بەردەوامی هەیە تا ئەو کاتەی موزیکی پێش گۆرانییەکە تەواو دەبێت و دەگاتە دەنگی گۆرانیبێژەکە و گوێلێبونی سەربەندەکە، ئەو کات هەست بەوە دەکەیت، ئەم گۆرانییە کوردییە.

جگە لە هاتنی قەوان و کۆمپانیای تایبەت بە تۆمارکردنی گۆرانی لە عێراق بە گشتی چەند هۆکارێکی تر پاڵنەر و فاکتەری بەهێزبون بۆ گەشەکردنی هونەری گۆرانی و موزیک لە عێراق، ڕەنگدانەوەی ئەم لایەنانەش کاریگەری لەسەر هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیش هەبوە لە شارەکانی کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری سلێمانی، لەو هۆکارانە:

### ٢-٢-١- دامەزراندنی جۆقی سەربازیی:

یاریدەدەرێکی ئەفسەری سوپای بەریتانی بە ناوی (کولفید) لە ساڵی ١٩٢٢ بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی جۆقی موزیکی عەسکەری بەخەیەڵدا هات و دوای پێشنیازەکەی هەر لەوساڵەدا لە ١٩٢٢/٨/٢٢ لەشاری موسڵ یەکەم جۆقی موزیک لە عێراق دامەزراوە و دواتر لەساڵی ١٩٢٥ جۆقی پاشایەتی (مەلەکی) بۆ یەکەم جار لە عێراق دامەزراوە، ساڵی ١٩٣٨یش بەڕێوەبەرایەتی موزیکی سەربازی دامەزراوە، کە هەندێک لەو موزیکزانە عێراقیانەش بەشداربون لە پێکهێنانی ئەم بەڕێوەبەرێتیە، کە پێشتر لە خزمەتی سوپای عوسمانیدا بون، بەم جۆرە ساڵی ١٩٣٦ جۆقی موزیکی کەرکوک و لە ١٩٧٧/٩/٢٩ جۆقی مەوقیعی شاری سلیمانی دامەزرا. (العباس،٢٠١٢: ٣٧٩-٣٩٠)، هەروەها لە سییەکانی سەدەی ڕابردوش، کاتێک کە چەند لاوێکی کورد پەیوەندی بە سوپای عێراقی ئەو کاتەوە دەکەن لەوێ لە جۆقی عەسکەری زەمینەی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت، کە فێری هەندێک لە ئامێرە موزیکییەکانی تایبەت بە سوپا ببن، لەو بارەیەشەوە مامۆستا خالید سەرکار دەڵێت: وێنەیەکی کۆن بەردەستە، کە تیایدا کۆمەڵێک لە لاوانی کورد دەبینین لە ناو سەربازگەکە چەند ئامێرێکی موزیکی فوداری مسیان هەڵگرتوە (سەرکار،٢٠١١: چاوپێکەوتن)

### ٢-٢-٢- کردنەوەی قوتابخانەکان:

لەساڵی ١٩٣٢دا بۆ یەکەم جار لە قوتابخانەی (مەکتەب ئەلئەوەل) لە شاری سلێمانی بە بەشداری چەند مامۆستا و قوتابیەک، تیپێکی موزیکی مەدرەسی دامەزرا. تیپەکە ئەو دەمە بە قەبارەیەکی بچوک دامەزرراوە و تەنیا ئامێری دەهۆڵ و چەند ترامپێتێکی لەخۆگرتوە. ساڵی ١٩٣٧یش لە قوتابخانەی ناوەندی سلێمانی تیپێکی تر دامەزراوە، کە هەریەک لەم بەڕێزانە ئەندام بون لەو تیپەدا: (شەوکەتی ڕەشیدی سەعاتچی، محەمەد ساڵح عەنبەر و جەمال ناوێک) (شاربازێڕی،٢٠١٠: هەمان سەرچاوەی پێشو)

بەڵام ڕوداوی گرنگ سەبارەت بە فێربون و خوێندنی موزیک بەشێوەیەکی زانستی لە عێراق ساڵی (١٩٣٦) ڕویداوە، ئەوەش کاتێک کەسێک لە نزیک سەرانی خێزانی ماڵی پاشا ڕاسپێردرا پەیمانگەیەکی موزیکی فەرمی دابمەزرێنێت.

پەیمانگەکە لەسەر دەستی کۆمەڵێک مامۆستای هونەرمەندی گەورەی جیهانی و ناوخۆ دامەزراو دو بەشی سەرەکی لەخۆگرت کە یەکەم بریتیبو لە: بەشی دیراسەی موزیکی خۆرئاوای.لەم بەشە چەند ژەنیاری ئۆرکێسترا لەسەر ئامێرگەلێکی وەک (کەمان، پیانۆ، چەلۆ، ترامپێت، فرانج هۆرن) ڕاهێنرا.

دوەم: بەشی دیراسەی خۆرهەڵاتی: لەم بەشە نەوەیەک لە ژەنیاری ئامێری ڕۆژهەڵاتی لەسەر ئامێرەکانی (عود، نای، قانون، کەمان) پێگەیشتن، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بو بۆ سەرلەنوێ بوژانەوەی مۆسیقای عەرەبی و خۆرهەڵاتی. (فرید،٢٠١٢: ١١)

ساڵی١٩٤٧ هونەرمەند شەماڵ سائیب لە بەشی موزیکی پەیمانگەی موزیک لە بەغداد وەرگیراوە (پێم وایە یەکەمین کورد بوە لەوێ دەستی بە خوێندن کردوە) (کەریم،٢٠١٧: ٢٥)

ناوبراو لەوێ فێری ئامێری عود ژەنین دەبێت و بە بنەما تیۆرییەکانی موزیک و نۆتەی موزیکیش ئاشنا دەبێت.

ساڵی ١٩٦٦ قوتابخانەی موزیک و بالییە لە بەغدادی پایتەخت بۆ یەکەم جار دەکرێتەوە کە تیایدا قوتابیان لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا شەشەمی ئامادەی لەپاڵ خوێندنی گشتی دوای دەوامی خوێندنی بەیانیان دوای نیوەڕوان دەستدەکرا بەخوێندنی موزیک و سەمای بالییە.

ساڵی ١٩٧١یش، بە مەبەستی پاراستنی موزیکی کەلەپوری عەرەبی و عێراقی پەیمانگای دیراسات نەغەمی دەکرێتەوە کە خوێندکار لەدوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندییەوە بۆی هەبو درێژە بەخوێندن لەم پەیمانگەیە بدات. (العیطة،١٩٧٨: ٤١) ئەم ناوەندە هونەرییانە کەم تا زۆر کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی هەبوە بە حوکمی ئەوەی شارەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەردەوام بەرکەوتەی لەگەڵ بەغدادی پایتەختدا هەبوە.

## ٢-٢-٣-خانەی پەخشی ڕادیۆی عێراق:

شان بەشانی دامەزراندنی پەیمانگەی موزیکی لە بەغداد لە ١٩٣٦/٧/١. (العباس،٢٠١٢ :٣٦٢) خانەی پەخشی (ڕادیۆی عێراق)یش دامەزرا، ئەمەش هۆکارو فاکتەرێکی تر بو بۆ ڕاکێشانی گوێگران و هۆیەک بو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گۆرانی مۆسیقای کەلەپوریش لە نێو (عێراق)دا. دوای ئەوەش لە ١٩ی تشرینی دوەمی ساڵی (١٩٣٩) بەشی کوردی لە ڕادیۆی[viii] بەغداد دادەمەزرێت. (پیرباڵ،٢٠١٠: ٢١١) لەڕێی ئەم ڕادیۆیەوە دەیان گۆرانیبێژی کورد بەرهەمیان لەم ڕادیۆیەوە پەخشکردوە، ئەمەش بۆ خۆی هاندانێکیتر و زەمینە سازییەکیتر بوە بۆ گۆرانیبێژانی کورد، کە بەرهەمەکانی خۆیان ببیستنەوە، لەم بارەیەوە خەلیل عەبدوڵڵا دەربارەی بەشی کوردی ڕادیۆی بەغداد دەڵێت: (بۆیەکەمجار ئەم ڕادیۆیە وەک بەشێکی بچوکی ڕادیۆی عەرەبیی بەغدا بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک بەرنامەکانی بەناوی ئێرە بەغدایە پەخش دەکرد. سەرەتا هەواڵەکان و یەک دو گۆرانی کوردی پەخش دەکرد، دواتر ماوەی بەخشی بەرنامەکانی زیادی کردو ڕادیۆکە لە بەشەوە بوە بەڕێوەبەرایەتی و لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا (١٨) سەعات بەرنامەکانی پەخش دەکرد.

سەربارى ئەوە لەسالآنى سەرەتاو لەسەردەمى پاشايەتيدا ڕاديۆيەكە بايەخى بەهونەر و ڕۆشنبيرى و ئەدەبى كوردى دەدا و هيچ سانسۆرێكى ئەوتۆى لەسەر نەبو. هەربۆيە چەندان هونەرمەندى كورد ڕويان لەو ڕاديۆيە دەكرد لەوانە: هونەرمەندان (عەلى مەردان، حەسەن زيرەك، تاهير تۆفيق، شەماڵ سائيب، حەسەن جزيرى، باكورى، كەريم كابان، نەسرين شێروان، ڕەسوڵ گەردى و محەمەد عارف جزيرى...) لەو ڕاديۆوە گۆرانييەكانيان تۆمار و پەخشكراو لەسەرانسەرى كوردستانيشدا دەنگيان دايەوەو لەلايەن خەڵكەوە دەبيستران. (عەبدوڵا،٢٠٢١: ٢٥٣) لە نوسينێكى تردا كەمال ڕەئوف ئاماژە بە ژەنيار و موزيسيانەكانى ڕاديۆكە دەدات.(ix)

ساڵى ١٩٤٢، ئينگليزەكان ئيستگەيەكى ناوخۆيى بەمەبەستى بڵاوكردنەوەى هەواڵى دوەم جەنگى جيهانى لە شارى سلێمانى دادەمەزرێنن. شوێنى ئەم ئيستگەيە لە گەراجى پاسى گواستنەوەى گەڕەكى توى مەليكى ئێستا بوە، تەنيا دوكانێك بوە مايكرۆفۆنێك و ئێمپريفايەرێكى تێدا بوە، چەند بڵندگۆيەك لەم ئيستگەيەوە برابوە چەند چاخانەيەكيترو چوار بڵندگۆش لەسەر فولكەكەى بەردەركى سەرا دانرابون ڕوى هەريەكەشيان بۆ گەڕەكێك بوە. (عەلى، ٢٠١٥: ٥٢)

كەريم كابانى گۆرانيبێژ زوربەى جار لەم ئيستگەيە گۆرانى وتوە و دانيشتوانى شارى سلێمانى لەم بەروئەوبەرى جادەكە دانيشتون تا گوێ لە گۆرانى و بەرنامەكانى ئەو ئيستگە ناوخۆييە بگرن.(x)

شان بەشانى ئەم ئيستگانە لە شارى بەغداد و هەندێك شارى ترى عێراق خانەى سينەماكان هەندێ فيلمى عەرەبى (استعراضى) گۆرانيئاميزيان نمايش دەكرد، ساڵى ١٩٤٢، سينەما سەلاحەدين لەسلێمانى كرايەوە لە شوێنى چايخانەكەى حەمە ڕەق نزيك سەراى سلێمانى، كە خاوەنەكەى ڕەمزى قەزاز و عومەر قەزاز بون.(حەمە كەريم،٢٠٠٠: ١٨٨).

دواى حەوت ساڵ، ساڵى ١٩٤٩ ئەسكەندەر ئەجزاچى و ئەمين ئاغاى مەلا محێدين سينەماى گۆيژەيان كردەوە، ساڵى ١٩٥٠ سينەما ڕەشيد خاوەنەكەى كوڕانى ساڵحى ڕەشە بوە، ساڵى ١٩٥٦ سينەما سيروان كرايەوە لەلايەن برايمى مەلا مارف و ئيسماعيل عەبدوڵلاو ئەحمەدى مستەفا بەگەوە بەڕێوەبراوە. (ساڵحى ڕەشە، ١٩٨٩: ٤٣٠-٤٣٥) لەڕيى ئەم فيلمانەوە چەند گۆرانيبێژ و تيپى موزيكى خۆرئاواى و خۆرهەڵاتى دەردەكەوتن و ئەمەش وەك هۆيەك بۆ بڵاوبونەوەى ڕۆشنبيرى گۆرانى وموزيك، كەم تا زۆر كاريگەرى لەسەر موزيسيانانى كورد بوە.

### ٢-٢-٤- دامەزراندنى تەلەڤزيون

ساڵى ١٩٥٦، يەكەم تەلەفزيۆن لە عێراق دامەزرا، كە بە وێنەى ڕەش و سپى بو، لە ساڵى ١٩٧٧ بو بە ڕەنگاوڕەنگ. (العباس، هەمان سەرچاوەى پێشو: ٣٧٤). لە ١٩٦١/٧/١٥ بەردى بناغەى تەلەڤزيۆنى كەركوك دانرا، بەڵام بە هۆى بارودۆخى كوردستان و شۆڕشى ئەيلولەوە پرۆژەكە دواخرا. لە ١٩٦٧/١١/١٨ پەخشى تەلەڤزيۆنى كەركوك دەستپێكرد. لە ١٩٧٤/٦/١ لە شارى كەركوك، كەناڵێكى تايبەت بەپەخشى كوردى كرايەوە سەرەتا ٦ى ئێوارە تا ١٢ يان ١ى پاش نيوە شەو بەردەوام بو. پەخشى ڕەنگاوڕەنگ (ملون) لە مانگى نيسانى ١٩٨٠. (جەبارى،٢٠٢١: ٢١-٦٧)

## ٢-٢-٥- كردنەوەی خولی تایبەت بە مۆسیقا.

هونەرمەند عوسمان شارباژێری ئاماژە بەخولێکی مۆسیقا دەکات، کە بۆ یەکەم جار لەبیستەکانی سەدەی ڕابردودا لەشاری سلێمانی لەسەر دەستی (عەبدولواحید حاجی مستەفا) کراوەتەو لە ماڵی (خواجە فەنی) کە لە نزیک مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی بوە، لەم خولەدا نزیکەی (پەنجا) لاوی شار بەشداریان تێدا کردوە، لە نێوانیاندا مامۆستایان (شاکر فەتاح و ڕەفیق چالاک) بون، لە یەکێک لە وتەکانیدا مامۆستا عەبدولواحید[xi] لەسەر ئەم خولە ئاماژە بەوە دەدات، کە بەشداربوان زۆر بە شەوقەوە ڕۆژانە ئامادەی خولەکە بونەو زۆر تینوی فێربونی هونەریش بونە، هەروەها دەوامی خولەکەش ئێواران بوە.[xii](شارباژێری،١٩٨٥: ١٢٨).

هەر دەربارەی ئەم خولە سەرچاوەیەکی تر دەڵێت: ساڵی ١٩٢٧ لەشاری سلێمانی (عەبدولواحید حاجی مستەفا (تیپێکی موزیکی)ی پێکهێنابو لەو سەردەمەدا نزیکەی پەنجا فێرخواز لەو تیپەدا وانەی موزیکیان دەخوێند (میرزا،٢٠٠٦: ١٠).[xiii]

لەهاوینی ساڵی (١٩٤٧)دا لەسەر ڕاسپاردەی (حەننا بطرس) خولێکی تری موزیک لەشاری سلێمانی دەکرێتەوە بەسەرپەرشتی هەندێ لە هونەرمەندانی شاری بەغداد (حەننا بطرس، جمیل بشیر، غانم حداد، سالم حسین، یعقوب، حقی شبلی، شواع، منیر بشیر) کراوەتەوە. (بابان،٢٠١٢: ٢٠٤)، بۆئەم مەبەستە کۆمەڵێک لە گەنجانی شاری سلێمانی بە هۆی پەرۆشی و تامەزرۆیان بۆ فێربونی موزیک خۆیان بۆ بەشداریکردنی ئەم خولە ناونوس کردوە.[xiv]



ئەم خولە کاریگەریەکی زۆری لەسەر ڕەوتی هونەری موزیک لە شاری سلێمانی هەبوە، لەگەڵ دامەزراندنی چالاکی قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەریتی پەروەردەی سلێمانی ئەم خولە موزیکیانە لەشاری سلێمانی ڕێچکەیەکیتری گرت و زۆر فراوان بون، بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٧٥. ساڵانە لە هاویناندا لە هەندێ قوتابخانە خولی فێربونی موزیک دەکرایەوە بە جۆرێک لە کاتی خوێندنیشدا ڕۆژانی هەینی فێرخوازان بەو پەڕی پەرۆشییەوە دەچونەوە بۆ ڕاهێنان لە سەر ئامێرەکان و وەرگرتنی زانیاری لەسەر موزیک و هەندێ جاریش بۆ تۆمارکردنی بەرهەمی منالان، بەداخەوە ساڵی ١٩٧٨ لە ڕوداێکی ئۆتۆمۆبێل چوار فێرخوازی بەهرەمەندی بەتوانا کۆچ دەکەن[xv].

### ٢-٢-٦دامەزراندنی تیپە موزیکییەکان لە شاری سلێمانی:

خولی هاوینەی فێربونی موزیکی ساڵی ١٩٤٧، بو بە هەوێنی دامەزراندنی یەکەم تیپی موزیکی فەرمی لە ساڵی ١٩٥٥ بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی، کە زۆرێک لەوانەی بەشداربوی ئەم خولە بون، بونە دەستەی دامەزرێنەری (تیپی مۆسیقای مەولەوی). ئەندامە دیار و چالاکەکانی ئەم تیپە پێکهاتبون لە (مۆستا قادر دیلان، ولیەم یوحەنا، نەجاتی عەبدە، ڕەفیق چالاک و حاتەم سەعید). ئەم تیپە لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردودا چەندین ئاهەنگیان لە شاری سلێمانیدا سازکردوە و بەمە ڕۆڵێکی بەرچاو دیاریان دیوە لە بەرەوپێشچونی گۆرانی و موزیکی کوردی لەشاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانیتری کوردستان. دیارترینییان کۆنسێرتێکی خێرخوازی بوە بۆ کۆمەککردنی زیان لێکەوتوانی لافاوە کارەساتبارەکەی ساڵی ١٩٥٧ی شاری سلێمانی، هەروەها چەندین ئاهەنگی تر لەسەر هۆڵی قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان سازدراوە. سەرپەرشتیاری هونەری تیپەکەش مامۆستا قادر دیلان بوە و ئەم تیپە هاندەری دامەزراندی تیپی مۆسیقای باواجی شاری کۆیە بوە. (محەمەد،٢٠٠٣: ٣٤). ئەوسا لە عێراقدا، دو تیپی موزیک هەبوە یەکەمیان: تیپی مۆسیقای مەولەوی لە شاری سلێمانی، دوەمیان: تیپی مۆسیقای (انوار الصفا) لەبەغداد. ئەو کات تیپی مۆسیقای  مەولەوی کێبرکێی لەگەڵ تیپی مۆسیقای بەغداد دەکرد. کارە هونەرییەکانی تیپی مۆسیقای مەولەوی هاوتا و هەندێ کاریشیان لەبەرهەمەکانی ئەم تیپە موزیکییەی بەغداد بەرزتر بو.

بە داخەوە ئەندامەکانی ئەم تیپە بە هەندێک هۆکار لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردو پەرتەوازە بون و هەڵوەشایەوە. ساڵی(١٩٦٧) تیپی مۆسیقای سلێمانی بە دەستپێشخەری کۆمەڵێک هونەرمەندی لاوی بەتوانای شاری سلێمانی دامەزرا پاشان لە ١٩٦٩/٤/٢ لەگەڵ هونەرمەندانی شانۆ یەکدەگرن و (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) دادەمەزرێنن، بەڵام دوای ساڵێک لەبەر تایبەتمەندێتی کارە هونەرییەکان، جیادەبنەوە هەرخۆیان لە کارە هونەرییەکان بەردەوام دەبن، دواتر هەوڵدەدەن مۆڵەتی فەرمیی وەربگرن، هەر بۆیە بە ناوی دەستەیەک لە هونەرمەندانی تیپ (ولیەم یوحەنا، فەرەیدون سەعید دارتاش، ئەنوەر قەرەداغی، فەرید عیسا، محەمەد ئەمین حسێن) داوایەک پێشکەش بە (وزارة الأعلام) لە بەغداد دەکەن پاش ماوەیەک بە نوسراوی (وزارة الأعلام-المؤسسة العامة للإذاعة و التلفزیون و السینما ژمارە ١٠٢٩٧ لە ڕێکەوتی ١٩٦٧/٥/٢٣) وەڵامی داواکەیان بە ئەرێنی دێتەوە بۆ دامەزراندنی (تیپی مۆسیقای سلێمانی). هەروەها نابێت ناوی ئەو ئەندامە سەرەکیانەی لەسەرەتاوە هەوێنی دروستبونی ئەم تیپە بون لە بیربکرێن لەوانە (خالید سەرکار، فرەنسیس داود، سەربەست محەمەد، حسێن عەلی، جەمال شادان، مەحمودی دەف ژەن و کۆمەڵێک گۆرانیبێژی بە توانا.(ئەحمەد،٢٠١٧: ٢٩)

هەر بۆیە چالاکییەکانی ئەم تیپە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت و ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێک بەرهەم بۆ تەلەڤزیۆن تۆماردەکات و بەشداری دەرچونی بەیاننامەی (١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) و بەشداری ئاهەنگی نەورۆز لە بەغداد دەکات و چەند ئاهەنگێکی تریش لە شاری سلێمانی دەگێڕێت. هاوکات ساڵی ١٩٧٣ کۆمەڵێک بەرهەمیتر بۆ تەلەڤزیۆنی بەغداد تۆماردەکات و ساڵی ١٩٧٤ بەشداری یەکەم فێستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغداد دەکات و پلەی نایاب بەدەستدەهێنێت. (ئەحمەد،٢٠٠٨: ١٠٠)

تیپی مۆسیقای سلێمانی لە زۆر ڕووەوە (ئاواز دابەشکردنی موزیک، سۆڵۆی ئامێرەکان، تۆمارکردن، کۆرس، دەنگ و ئەدای گۆرانیبێژان ...) بەکاری هیچ گروپێکی تری باشوری کوردستان بەراورد ناکرێت، بۆیە بەرهەمەکانی ئەم تیپە بۆ کات و ساتی خۆی و ئێستاشی لەسەر بێت جۆرین و هەوادار و گوێگرێکی زۆریان لە خۆیان کۆکردۆتەوە. هەر ئەمەش بوە هۆی دامەزراندنی چەند تیپێکی موزیکی هاوشێوەی لە شارەکانی کوردستانی عێراق، لەوانە تیپی هونەری هەولێر، تیپی موزیکی دهۆک، تیپی موزیکی پاشای گەورە لە شارۆچکەی ڕواندز.

بە هۆی دروستبونی ئەم تیپانەوە لێرە بەدواوە مۆرکی موزیکی عەرەبی بە مۆرکی موزیکی کوردییەوە بەرەو نەمان چون بەتایبەت بەبەراورد بە گۆرانییەکانی بەشی کوردی ڕادیۆی بەغداد، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی ژەنیاران، ئاوازدانەرەکان، گۆرانیبێژەکان، ئەندازیاری دەنگ ئەمانە هەر هەمویان کوردبون و هەڵگری ڕۆشنبیری کوردستان و هونەری کورد بون، بێگومان هەمو ئەم فاکتەرانە کاریگەریان لەسەر دەستنیشانکردنی مۆرکەکە هەبو.

ساڵی ١٩٧٢ بەهۆی بەشی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانییەوە (تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی) دامەزرا، لەسەرەتادا زانکۆی سلێمانی خاوەن بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە خۆی هەبو، مامۆستا قادر کوردی لێپرسراوی چالاکی هونەری ناو زانکۆ بو، هەر لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا بەشێکی تایبەت بە موزیک هەبو، کە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی سەرپەرشتی دەکرد. مامۆستای ناوبراو ئەوکاتە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی کاری دەکرد و هونەرمەندێکی بەتوانا و بەسەلیقە بوە، توانی بە هاوکاری هەندێک هونەرمەندی تر چالاکییەکانی موزیک لە زانکۆ پەرەپێبدات. ئەوە بو لە ساڵەکانی (١٩٧١-١٩٧٢) هەندێک گۆرانیان لە تەلەڤزیۆنی کەرکوکی ئەو سەردەمە تۆمارکرد، هونەرمەند ئەسعەد قەرەداغی کە ئەو کاتە خوێندکاری زانکۆ بو گۆرانی (جوانی بێ ناوی) تۆمار کرد. شایانی باسە ژەنیارەکانی تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی ئەمانە بون:

ئەنوەر قەرەداغی (کەمان)، هاروت بالانجیان -دانا مستەفا-ئاشتی نامیق (ئۆکۆردیۆن)، پەیمان ئەحمەد (بانگۆز) شیروان محەمەد (درامز) لە بەرهەمەکانی ئەم تیپە:

گۆرانی (گەردە و ڕۆژی تازە) فاروق مەجید.

گۆرانی (چاو جوان) فازیل مەجید

گۆرانی (دەمەگری) ئازاد حسێن (مستەفا، ٢٠١٠: ٤)

بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم تیپانەی شاری سلێمانی کە بە ئەرک و ماندوبونی چەند هونەرمەندی لێهاتو هاتونەتە کایە خۆی لە کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەدا دەبینێتەوە کە شایەنی لێکۆڵینەوەن. لە هەنگاوێکی پڕ بوێریدا ساڵی ١٩٧٥ لەسەر دەستی مامۆستایانی هونەر (فەرەیدون دارتاش و خالید سەرکار) تیپی مۆسیقای ئامادەیی سلێمانی کچان دامەزراوە، سەرجەم ئەندامەکانی کچ و ژن بون، تەمەنی ئەم تیپەش دوساڵ زیاتری تێنەپەڕاند، (جەزا،٢٠٠٥: ٣١) هۆکاری ئەمەش زیاتر ئەو دۆخە سیاسییە ناهەموارە بوە، کە لە باشوری کوردستان بەرۆکی نەتەوەی کوردی گرت بو بەتایبەت شاری سلێمانی، بۆیە دەتوانین بڵێین کە دامەزراندنی تیپەکە بۆ خۆی وەڵامێک بوە بۆ ڕژێمی

سەرکوتکەری پێشوی دەوڵەتی عێراق. ئەم باکگراوندەشە وایکردوە ببێتە فاکتەرێک کە ئەندامانی تیپەکە بەو پەڕی پەرۆشییەوە بەشداری چالاکییە هونەرییەکانی تیپەکەیان کردوە و ئەوپەڕی دڵسۆزیان نواندوە (دارتاش:٢٠١١)
جگە لەبەرهەمی تیپە هونەرییەکانی شاری سلێمانی هەندێک بەرهەم بە ستایلی خۆرئاوای ناسراو بەستایلی جازیش سەریان هەڵدا، کە ناکرێت ئاماژەیان پێنەکەین بەتایبەت بەرهەمەکانی مامۆستا (قادر دیلان) لەدەرەوەی وڵات و دواتر تیپی کانی، تیپی بابان، تیپی هاوناز و هەندێکی تر.
شان بە شانی ئەو تیپە هونەریانەی، کە ئاماژەمان پێدان بەهۆی دامەزراندنی چالاکی قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، تیپی موزیکی چالاکی قوتابخانەکان و چەند تیپێکی موزیک و گۆرانی منداڵانی تریش لەشار سەریانهەڵدا، لەوانە تیپی موزیکی بێخود، پیرەمێرد و نەورۆز، ئەمە جگە لە چالاکی هونەری چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی کە داینەمۆیەکی بەهێز بو بۆ ڕەوتی هونەری گۆرانی و موزیک لە شاری سلێمانی و ساڵانە بەشداری بەرچاویان لە چالاکیە هونەرییەکاندا هەبو نەک هەر لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکەی کوردستانی عێراق بگرە لەسەر ئاستی هەمو عێراق.
بیریشمان نەچێت شان بەشانی بەرهەمی هونەری تیپە هونەرییەکان، لە ساڵانی پەنجاکانەوە جۆرێک لە ئاهەنگی تۆمارکراوی ماڵان ببوە دیاردە و شەوان هەندێک لە گۆرانیبێژان و یەک دو موزیکژەن یان زیاتر بانگهێشتکراون بۆ ماڵی کەسایەتییەکی دیاری شار و زۆر جار بێ بۆنەش گردبونەتەوە و دوای نانخواردنی ئێوارە هەروا بۆ خۆشی و کات بەسەربردن دەستکراوە بە گۆرانی چڕین تا درەنگانێکی شەو، کە زۆر لەم بەرهەمانە تۆمارکراون و لە تۆمارگەکانی شاردا تا ئێستاشی لەگەڵ بێت داواکارییان لەسەرە (کەریم،٢٠١٧: ٤٤) بەتایبەت دانیشتنەکانی هونەرمەندی ناودار (حەسەن زیرەک، ئەحمەد شەماڵ، حەمە ساڵح دیلان ...). شایانی وتنە ئەم دانیشتنانە ماوەی چەند ساڵێکە بەبەرگێکی نوێوە سەری هەڵداوەتەوە، بەڵام بەشێوازێکی جیا لەجاران.
ساڵی ١٩٨٠ش بۆ یەکەم جار لە کوردستان پەیمانگەیەکی تایبەت بە هونەر دامەزرا و ساڵی ١٩٨٣ بەشی موزیک لەم پەیمانگەیە کرایەوە (حەمە عەلی،٢٠١٣: ٣٠)
لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانیشدا کەڵکەڵەی دامەزراندنی ئۆرکێسترای خۆراوای لە مێشکی زۆر لە موزیسیانە لاوەکان گوزەری دەکردو بە خەم دەیانڕوانیە دامەزراندنی تیپێکی برۆفیشناڵ، بۆ ئەم مەبەستە هەمیشە خۆبەخشانە ئەم لاوانە کاریان دەکرد و لە دەرفەتێک دەگەڕان تیپێکی هاوشێوەی ئۆرکێسترای سەمفۆنی عێراق دامەزرێنن، کە تەنیا لە بەغداد هەبو.

## بەشی سێیەم:

### ٣-١ ئەنجامی توێژینەوەکە:

١- لە قۆناغی یەکەمی پێش تۆمارکردندا بەپێی هۆنراوەی شاعیران و گەشتی خۆرهەڵاتناسەکان بێت بۆ شاری سلێمانی، مەقام بێژ و گۆرانیبێژ و ژەنیاری زۆر لە ئامێرە خۆرهەڵاتییەکانی هەبوە و لە بۆنەی زەماوەند و دیوەخانی

ئاغا و کەسایەتییە ناودارەکان گۆرانی و مۆسیقا بۆ بەسەربردنی کات هەبون، بەڵام لەبەر نەبونی سەرچاوەی پێویست ناتوانین بە دروستی ئاماژە بە جۆر و ناوەرۆکی گۆرانی و موزیکەکان بدەین.

٢- لە قۆناغی دوەمی پاش تۆمارکردن، هونەری موزیک بەرگێکیتری ڕونی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بە هۆکاری کردنەوەی قوتابخانە، هاتنی ئامرازی گرامافۆن، کۆمپانیای بیانی گۆرانی تۆمارکردن، دامەزراندنی تیپی موزیکی سەربازی، کردنەوەی خولی تایبەت بە موزیک، دامەزراندنی ڕادیۆ، کردنەوەی هۆڵی سینەما، کردنەوەی ئیستگەی تەلەڤزیون، دامەزراندنی تیپە موزیکە ڕەسمییەکان، دواتر دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە شاری سلێمانی و کرانەوەی بەشی موزیک تیایدا. هەروەها سازدانی فێستیڤاڵی تایبەت بە موزیک و گۆرانی و زۆر چالاکی تر، لەم قۆناغەدا بەڕونی پەرەسەندنەکانی موزیک و گۆرانی لە شاری سلێمانیدا دەبینین و بەڵگەی تۆماری گۆرانی و موزیکی بەردەستە.

٣- لە قۆناغی دوەم دوای تۆمارکردن بە ناوی چەند گۆرانیبێژ و موزیسیانێکی کوردی ناو شاری سلێمانی ئاشنا دەبین، کە خاوەنی چەند شێوازێکی هونەرین و چەندین گۆرانی و موزیکی دانراوی کوردی تۆمارکراون. لە دوای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوش زۆرێک لەم گۆرانییە دانراوانە بە نۆتی موزیکی نوسراونەتەوە و لای دانەرەکانیان پارێزراون و هەندێکیشیان وێنەی تەلەڤزیونییان بۆ گیراوە، بۆیە دەتوانین ئەم گۆرانییە تۆمارکراوانە بە شێوەیەکی دروست خوێندنەوە و شیکاریان بۆ بکەین وەک بەڵگەی مادی تەماشایان بکەین.

### ٣-٢ڕاسپاردە:

١- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری ڕادەسپێرین کە پلانییان هەبێت بۆ کۆکردنەوەی ئەرشیفی هونەرمەندان.

٢-توێژەران، بەشی موزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلێژی هونەرە جوانەکانی باشوری کوردستان ڕادەسپێرن، بەشێوەیەکی مۆدێرنانە گرنگی بە خوێندنی مێژوی گۆرانی و موزیکی کوردی بدەن.

### ٣-3 پێشنیار:

١-لەبەرنەبونی پسپۆری تایبەت بە بواری مێژوی هونەر، توێژەران پێشنیار دەکەن بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵای موزیک کە تێزی ماستەر و دکتۆرانامەکانیان تایبەت بکەن بە مێژوی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی.

٢-توێژەران پێشنیار دەکەن گرنگی زیاتر بدرێت بە نوسینەوەی یاداشتە هونەرییەکان تا لە داهاتودا ببێتە هەوێنێکی باش بۆ نوسینی مێژوی هونەری گۆرانی و موزیک.

٣-بودجەی پێویست بۆ ساغکردنەوە ئەو بەڵگەنامانە تەرخان بکرێت کە تایبەتن بە هونەرمەندانی کورد و لە ئەرشیفەکانی وڵاتانی دەرەوە پارێزراون.

**پەراوێزەکان:**

[i]– بەڵگەی مادی بۆ تاوتوێکردنی گۆرانی وموزیک دەکرێت ئەم لایەنانە بە هەند وەربگیرێت (نۆتی نوسراوی گۆرانی و موزیکەکان، گۆرانی و موزیکی تۆمارکراو، ئامێری موزیک، دەقی نوسراوی هۆنراوەی گۆرانییەکان، بەڵگەی ئارکیۆلۆجی دێرین، بونی قوتابخانە و ئێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیون و قوتابخانەی هونەری...تا دوایی)

[ii]- بەشێوەیەکی گشتی سەردەمی کلاسیک لە ئەوروپا لەسەردەستی موزیسیانانی بەناوبانگ هایدن موزارت بتهوڤن گەشتە ترۆپک، بە دوایدا سەردەمی موزیکی ڕۆمانتیک سەری هەڵدا کە فەلسەفەو تێڕوانینی موزیک لە بنەماو پابەندبون بە بینای فۆرمەکان گۆڕا بۆ دونیای فراوانی خەیاڵی تاکی موزیک. کە ئەمە بۆ خۆی وەرچەرخانێکی جۆری بو. لەم سەردەمەدا دەیان ئاوازدانەری بەتوانا سەریان هەڵداو نۆتی کارە موزیکییەکان کەوتنە بەر چاپ سەدان کار لە فۆرمی سیمفۆنی و سۆناتەو ئۆپراو دەیان هۆڵی ئۆپرا لە وڵاتانی ئەوروپا دروستکران. ئاوازدانەرانی ڕۆمانتیک شوبرت، شومان، برامز، پاگانینی، ڤاگنەر، مەندلسۆن، هکتور برلیوز و دەیانی تر. زاکس،١٩٦٤) (لایخنتریت،١٩٦٤) (ئەم وتانەی توێژەر گوڵچنێکە لەو سەرچاوانە)

[iii]- برێ گەڕیدەی کۆنی ڕۆژئاوایی، کە وڵاتانی ڕۆژهەڵات گەڕاون، بە کوردستاندا ئاودیو بون و زۆریان شتی گرینگ لەمەڕ پێوەندی وڵاتەکانیان یاداشت کردوەو بۆیان بەجێهێشتوین(مستەفا،٢٠١٠: ٥)

[iv]- قوتابخانە: لە چوارچێوەی بزوتنەوەی چاکسازی عوسمانییەکان لە پێش دەیەی حەوتەمی سەدەی نۆزدەوە بۆن و بەرامی خوێندنی نوێ لە کوردستان سەری هەڵداو ئەوەبو ساڵی ١٨٧٥ز لە سلێمانی قوتابخانە کرایەوە. (الأتروشي،٢٠٠٥: ٢٨٤)

[v]- ژمارەی لاپەڕەمان دیارینەکردوە، لەبەرئەوەی ئەم نوسینەی عوسمان شارباژێری لە ژمارە (٥٨،٥٧،٥٥،٥٤) گۆڤاری جیاوازدا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر هەندێ لە گۆرانیبێژەکانی هەڵبژاردوە، نوسەری بابەت لە هەر چوار ژمارەکە کورتەیەک لەژیانی زۆر لە گۆرانیبێژەکان خستۆتەڕو.

[vi]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی (شۆڕشەکەی عێراق) (ویلسن،٢٠١٠: ١٨٨) و کتێبی (مێژوی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود) (مەعروف،٢٠١٨).

[vii]- لەم بارەیەوە عبدالکریم عەبدولرەحمان دەڵێت لەدوای ساڵانی ١٩٢٦ه چەند کۆمپانیایەکی قەوان هاتنە عێراقەوە یەکێک لەو کۆمپانیایانە بەیزافۆن بو کە وێنەی ئاسکێکی لەسەر قەوانەکان بو لەبەرئەوە پێیان ئەوت قەوانی ئەبو غەزال، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەیزافون لە بەغداد(نیکولای فاکوری) بو، هەروەها جۆری قەوانەکان لە قیر دروست کرابون بۆیە زۆر بەئاسانی ئەشکان و لەناو ئەچون هەروەها زۆر بەکار بهێنرایە خراپ دەبون دەنگیان تێکدەچون. (عەبدولڕەحمان ١٩٩٨: ١٨١).

[viii]- لە ناوەراستی ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردو ئامێری ڕادیۆ هێنراوەتە شاری سلێمانی و ژمارەیەک لە ماڵان کڕیویانە چایخانەکانیش زوربەیان بەکاریان هێناوە، وێڕای گرانی نرخی ڕادیۆ هیچ هاووڵاتییەک بۆی نەبوە ڕادیۆ بکڕێت بە بێ پرس و بێ مۆڵەت لە ماڵ دا یان لە دوکان یان لە چایخانەکاندا داینێت، بەڵکو دەبو مۆڵەتی لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و تەلەگراف) بۆ وەربگرتایە.(خان دەلۆ،٢٠٢٢: ٢٣٩)

[ix]- ژەنیارەکان ڕادیۆی کوردی و عەرەبی یەک تیمی موزیکیان هەبو، کە پێکهاتبون لە: ساڵح کوێتی کەمانچە ژەن، داود کوێتی کەمانچە ژەن، یوسف زەعرور قانون ژەن، حسێن عەبدوڵا تەپڵ ژەن، ئەم تیمە کە یاوەری هەمو ئاهەنگەکانی هەردو ڕادیۆ بو، باری گران بو بۆیە ڕومان لە کار بەدەستان نا تا هێندێک ساز ژەنی دیکە دابمەزرێنن، سەرئەنجام هەندێک کەسی دیکەیان هەڵبژارد کە لەگەڵ تەواوبونی کاریان لە ڕادیۆ کوردییەکەدا هەمان کاری خۆیان لە عەرەبییەکەشدا بەڕێدەکرد. ئەو هونەرمەندانەش ئەمانە بون: جەمیل بەشیر مونیر بەشیری برای بابیشیان بەشیر کە لەکاتی پێویستدا سەرپەرشتیار و هاوکاری تیمەکە بو. (محەمەد:٢٠١٤: ٣٨)

[x]- لەم ئێستگەیە زیاتر هەواڵەکانی جەنگی دوەمی جیهانی بڵاودەکرایەوە (مەدحەت موبارەک) کارمەندێکی ئەو ڕادیۆیە بوە و کاریشی ئەوە بوە هەواڵەکانی وەرگرتوە و خوالێخۆشبو (ئەحمەد عارف)، کە بێژەری ئەو ڕادیۆیە هەواڵەکانی بڵاوکردوەتەوە. (ڕەزازی، ٢٠١٥: ٩٣)

[xi]- مامۆستا خەڵکی شاری کۆیەیە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری سەربازی لە زانکۆکانی ئەستەنبوڵ بەدەستهێناوە و هەر لەوێش واتە لە ئەستەنبوڵ فێری ژەندنی ئامێری پیانۆ بوە، دوای تەواوکردنی کۆلێژی سەربازی و بە دەستهێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆسی سەربازی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ڕاستەوخۆش گواستراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە سلێمانی دامەزراوە، کاتێکیش کە هێرشەکانی ئینگلیز بەرەو سلێمانی پەرەیان سەند و شار کەوتە چنگی ئینگلیزەکان ئیتر بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە ئاڵۆز بو، مامۆستا یەکێک بو لەوانەی کە نەفی کراوە بۆ شاری فاوی ئەوپەڕی خواروی عێراق. (شارباژێڕی، هەمان سەرچاوە)

[xii] - لەنوسینەکەیدا مامۆستا عوسمان شارباژێڕی دەڵێت:ئەم زانیاریانەم لە دەمی مامۆستا شاکیر فەتاح وەرگیراوە.

[xiii]- ساڵی ١٩٢٧چیرۆکی(نیرۆن) لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی زانستی لە گەڕەکی سابون کەران پێشکەشکرا. (ساڵحی ڕەشە،١٩٨٩: ٤٢٤).

[xiv]- وێنەی خولەکە بە کامێرای مەحمود ئەفەندی باوکی شەهید محەمەد قودسی و کاک ڕەفیقی وێنەگر گیراوە و ئەم کەسانەی لێ ناسراونەتەوە (ڕیزی سەرەوە: ئەحمەد محەمەد لەیلێ، ساڵح چاوشین، تۆفیق حەسەن دەوڵەت، نەناسراو، قادر دیلان، غەریبی میرزا کەریم، ئەحمەد زرنگ، مەحمود محەمەد لەیلێ، عەلی ئیحسان فەوزی، ڕیزی ڕاوەستاوی دوم: ڕۆبین ئوفیک مەیخانەچی، نەناسراوەتەوە، جەمال ئەحمەد، نوری عەنبەر، عەبدولا ئەفەندی، بەهجەت ڕەشید سەعاتچی، شەماڵ سائیب، جەمال شۆڕتەر، شێخ ڕەزای گولانی، عەبدولا میدیا، دانیشتوان تا ڕیزی سێیەم ئەمانە تیپی مۆسیقای ئێستگەی بەغدا لەسەر کورسی دانیشتون، ئەو دوانەی ناوەڕست، کە چاویلکەیان لە چاودایە(مونیر بەشیر و جەمیل بەشیر)ن. ڕیزی دانیشتوەکان لەسەر زەوی تەنیا دوانیان لێناسراوە: سەرکیس گێغام ئەرمەنی بوە لەگەڵ سامی کەسپەڕ، کە سەردەمانێک شۆفێری شێخ مەحمود بوە. ئەوانەی نەناسراونەتەوە زیاتر مامۆستا موزیسیانە عەرەبەکانن. (ڕۆژنامەی سلێمانی،٢٠١٢: ١٢٨).

[xv]- لەم بارەیەوە مامۆستا نامدار قەرەداغی وەک یەکێک لە مامۆستایانی سەرپەرشتیاری خولەکە دەڵێت: (لە سلێمانی، چوار مامۆستای مۆسیقا خولی مۆسیقایان بۆ منداڵانی قوتابخانەکانیان کردەوە، هەر زۆر زو تیپی مۆسیقای منداڵانیان لێ پێکهێنان و کەوتنە کاری هونەری گەورەوە. مامۆستایان: عوسمان محمد ئەمین لە قوتابخانەی نەورۆز، دلێر ئیبراهیم لە قوتابخانەی شێخ مەحمود، نامدار قەرەداغی لە قوتابخانەی بێخود، سەلاح ڕەئوف لە قوتابخانەی پیرەمێر. ساڵی خوێندنی ١٩٧٧_١٩٧٨ لەرۆژی ١٩٧٨/٤/١٧ هەڵبژاردەی ئەم تیپانە، کە تیپێکی یەکگرتویان لێ دروست کرابو بەناوی چالاکی قوتابخانەکانی (پەروەردەی سلێمانی)ەوە بەرێکەوتین بۆ هەولێر، کە لەوێ میهرەجانی ساڵانەی پەروەردەی هەمو عێراق دەکرا. بەداخەوە لەڕێی کەرکوک بۆ هەولێر یەکێک لەپاسەکان توشی ڕوداوی پێکدادان بو لەگەڵ ئۆتۆمۆبێلێکی گەورەی بارهەڵگردا و تێیدا چوار بەهرەمەند (کارزان، فرمان، ئازاد و ڕێبوار) بەسەختی بریندار دەبن و هەر لەوێدا کۆچی دوای دەکەن. ئەمەش یەکێکە لە کارەساتە دڵتەزێنەکانی شاری سلێمانی و زوربەی ساڵ لەو ڕێکەوتەدا یاد دەکرێنەوە.(قەرەداغی،٢٠٢٢، https://www.facebook.com/namdar.qeredaxi )

# History of songs and music in Sulaymaniyah city(1784-1990)

**Adil Mohammed Karim[1] - Ehsan Shakr Zalzala[2] - Azad Hama Abdola[3]**

[1]Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Music, Baghdad College of Fine Arts, Baghdad University, Iraq.

[3]Department of Kindergarten, College of Primary Education, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research deals with the history of song and music in Sulaimani, from the beginning of its establishment to the last decade of the twentieth century (1784-1990). This paper consists of three parts, conclusions and a list of references, The first part is the introduction which contains the research procedure. The second part consists of two basic discussions, each with several branches. The first discussion, the pre-registration phase, the researchers present their discussion through two pieces of evidence. The first evidence is the content of the poems about song and music, while the second evidence is the travel memoirs of the orientalists. In the second discussion, which is the post-recording stage, the researchers try to present the contributing factors that have become a factor for the embodiment and further development of the art of singing and music in Sulaimani, such as: Establishment of military flute, opening of schools and the arrival of bow machine and recording companies, establishment of radio broadcasting house, establishment of the first music institute, establishment of television, opening of music courses, establishment of musical groups in Sulaimani and Sulaimani Institute of Fine Arts etc,... The third part, the Results and, recommendations, suggestions and list of sources, also a summary of the study in English are presented.


**Keywords**: History, Song, Music.

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، هوشیار،(٢٠٠٨)، تیپی مۆسیقای سلیمانی، گۆڤاری شاکار ژمارە ٣٣، ڕێکخراوی هونەرمەندان، سلێمانی.

ئەحمەد، هوشیار،(٢٠١٧)، تیپی مۆسیقای سلێمانی- نیو سەدە ئەزمونی هونەرو داهێنان، بڵاوکراوەیەکی تایبەت بۆ یادی یوبیلی زێڕینی تیپی مۆسیقای سلێمانی، سلێمانی.

بابان، جەمال، ئاسۆ و ئومید، (٢٠١٢)، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

پیربالّ، فەرهاد (٢٠١٠): مێژوی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

پ، دیمچینکۆ، (٢٠٢٢)، کوردستانی عێراق لە نێو ئاگردا، وەرگێڕانی سوارە شاکەلی، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

تاڵەبانی، موکەرەم، (٢٠١٠)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ژیانی، پەروەردەی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

تریب، چارلز، (٢٠١٠)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی عێراق، وەرگێرانی محەمەد حسێن، عەبدولقادر کەلهوڕ، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

جەباری، هاشم، (٢٠٢١)، مێژوی تەلەڤزیۆنی کەرکوک ١٩٦٧-١٩٩٩ کوردستان ٢٠٢١.

جەزا، دالیا، (٢٠٠٥)، تیپی مۆسیقای ئامادەیی سلێمانی کچان، گۆڤاری سلێمانی ژمارە ٥٨، سلێمانی.

حەمە باقی، محەمەد، (٢٠١٢)، گەڕان بە دوای ناسنامەی گۆرانی و موزیکی هەرێمی سلێمانی –شارەزوردا، گۆڤاری سلێمانی ژمارە.١٣، سلێمانی.

حەمە باقی، محەمەد، (٢٠١١)، موزیک و گۆرانی کوردی، دەزگای موزیک و کەلەپوری کورد، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

حەمە، توانا، (٢٠١٦) مۆزیک زاراوەیەکی هەڵەیە، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە ٤٩٥، سلێمانی.

حەمەعەلی، کوردۆ، (٢٠١٣)، مێژوی دروستبون و کرانەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، گۆڤاری سلێمانی ژمارە (١٣٩)، سلێمانی.

حەمەکەریم، هێرش، (٢٠٠٠) سلێمانی لە جەنگی جیهانی دوەمدا ١٩٣٩–١٩٤٥، گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە ١٥، سلێمانی.

خان دەلۆ، حسێن ئیسماعیل، (٢٠٢٢)، ژیانی کۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٢١–١٩٥٨)چ١، سلێمانی.

ڕؤوف، د. عماد عبدالسلام، (١٩٩٢) ادارة العراق، الاسر الحاكمة و رجال الادارة و القضاء في العراق في القرون المتأخرة، بغداد، ١٩٩٢.

ڕۆژنامەی سلێمانی، (٢٠١٢)، ژمارە ٥٠، سلێمانی.

ڕەزازی، جەمال، (٢٠١٥) هونەرمەند کەریم کابان تەمەنێک لە پێناو هونەردا، گۆڤاری ڕۆڤار ژمارە ٨٤، سلێمانی.

سالح، سدیق،(٢٠٠٣)، تۆمارێکی شارەوانی سلێمانی ١٩١٩–١٩٢٢، سلێمانی.

ساڵحی ڕەشە، ئەکرەم، (١٩٨٩) شاری سلێمانی،٢٠٠ساڵ، بەرگی دوەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دارالحرية للطباعة، بغداد.

سائیب، شەماڵ، (١٩٥٧) وەرگێرانی بەشێک لە گەشتی میستەر ڕیچ بۆ کوردستان، گۆرانی و مۆسیقای هەڵپەڕکێی کوردی ساڵی ١٨٢٠، ژمارە ١ گۆڤاری هیوا، چاپخانەی تەمەدن.

شارباژێڕی، عوسمان،(٢٠١٠)، کاروانی مۆسیقاو گۆرانی لە شاری سلێمانی لە ساڵی١٧٨٤–١٩٨٤، گۆڤاری چلاواز ژمارەکانی ٥٤، ٥٥، ٥٧، ٥٨، دەزگای کەلەپورو مۆسیقای کوردی، اربیل.

شارباژێڕی، عوسمان،(١٩٨٥)، کاروانی مۆسیقاو گۆرانی لەشاری سلێمانی لە ١٧٨٤–١٩٨٤، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٦، دار الحرية للطباعة، بغداد.

شێخ مستەفا، بەختیار، (٢٠١٠) یادەوەرییەک بۆ تیپی مۆسیقای زانکۆی سلیمانی، ڕۆژنامەی شەبەنگی ئاسۆ ژمارە (١٣٥٤)، سلێمانی.

عوسمان، د.ڕەوف، (٢٠٢١)، عەزیز بەگی بابان لە ئاستانەی سالمی ساحێبقڕاندا، چ١، چاپخانەی تاران.

عەبدوڵا، خەلیل، (٢٠٢١)، چراکانی نیشتیمان، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١.

عەبدولڕەحمان، عەبدولکەریم، (١٩٩٨)، گۆرانی کوردی پێش حەفتا ساڵ، گۆڤاری بەیان ژمارە(١٨١)دار الثقافة و النشر الكردية، دار الحرية للطباعة.

عەلی، ئیدریس، (٢٠١٥)، هونەرمەند کەریم کابان، گۆڤاری ڕۆڤار ژمارە ٨٤، سلێمانی.

فەرید، طارق حەسون، (٢٠١٢)، هونەری مۆسیقای عێراقی هاوچەرخ و مێژوی دانەبڕاوی، وەرگێڕانی عادل محەمەد کەریم، ژمارە (٥٧٨٠) ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، سلێمانی.

قەرەداغی، ئەنوەر،(١٩٨٦)، ئاوازو هۆنراوە لە گۆرانی کوردی دا، بەشی یەکەم، گۆڤاری کاروان ژمارە ٤٩، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی (الأديب البغدادية).

–کەریم، عادل محەمەد،(٢٠١٧)، ڕەهەندەکانی شەماڵ سائیب،ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک،چ١ سلێمانی .

ساحێبقران، مستەفا بەگ، (١٩٧٣)، دیوانی کوردی، چ٣، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
کەریم، عادل محەمەد، (٢٠١٧)ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
محەمەد، کەمال ڕەئوف (٢٠١٤)، مێژوی ڕادیۆی کوردیی بەغداد ١٩٣٩-١٩٥٨ ب١،ج٣،هەولێر.
محەمەد، سیروان (٢٠٠٣)،تیپی مۆسیقای مەولەوی چۆن دامەزرا،بەشی یەکەم، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٤٠، سلێمانی.
مستەفا، حەمە بۆر،(٢٠٠٠)، دیوانی مستەفا بەگی کوردی، ب ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر .
مستەفا، شوکور،(٢٠١٠)، کوردو کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
میرزا، بەیان عەبدولڕەحمان، (٢٠٠٦)، تیپ و باندە مۆسیقییەکانی سلێمانی لە ٨٠ ساڵ لەمەوبەردا، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٦٦،سلێمانی.
مەعروف، کەمال نوری، (٢٠١٨) مێژوی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود، چاپی دوەم، چاپخانەی تاران.
مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، محەمەدی مەلا کەریم، (١٩٨٤)، دیوانی مەحوی، چ٢، بەغداد.
ناسراو، مارف،(٢٠٠٢)، گرامافون وقەوان چۆن هاتونەتە سلێمانی(ب١)گۆڤاری سلێمانی ژمارە ٢٥، شارەوانی سلێمانی.
ناسراو، مارف،(٢٠٠٢)، گرامافون و قەوان چۆن هاتونەتە سلێمانی(بەشی دوەم)، گۆڤاری سلێمانی ژمارە ٢٦، سلیمانی.
ویلسن،سێر ئارنولد،(٢٠١٠)، شۆڕشەکەی عێراق، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی سەرمەد ئەحمەد، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، چاپخانەی خانی، دهوک.

الاتروشی، خلیل مصطفی،(٢٠٠٥)، کوردستان الجنوبیه العراق فی سنوات الاحتلال والإنتداب البریتانی رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة دهوک، ٢٠٠٥.
الجزراوی، مهیمن ابراهیم، (٢٠٠٤)، الخصائص اللحنیة و الایقاعیة في الاغاني المرافقة للمقام العراقي، مطبعة الانعام، بغداد.
الچاوشلی –هادی رشید، (١٩٧٦)، القومیة الکوردیة وتراثها التاریخی، کتاب التآخی، مطبعة الآرشاد.
ریچ، کلودیوس جیمس، (١٩٥١)رحلة ریچ في العراق عام ١٨٢٠، ترجمة بهاءالدین نوری، طبع بمطبعة السکک الحدیدیة، بغداد.
زاکس- کورت،(١٩٦٤) تراث الموسیقي العالمیة ترجمة الدکتورة سمحة الخولي دار النهضة العربیة – القاهرة.
سروه، سلیم،(٢٠١١) المدخل الی الموسیقی، منشورات الهیئة العامة السوریة للکتاب، دمشق.
العباس، د.حبیب ظاهر(٢٠١٢) منهل المتسائل عن الموسیقی وأخبار الغناء فی العراق القرن العشرین، دار الثقافة والنشر الکردیة، بغداد.
عثمان، سیامند، (١٩٨٤)، دراسات کردیة مطالعات کردي، مجلة فصلیة تصدر عن مرکز الابحاث فی المعهد الکردی باریس.
العیطة، محمود، (١٩٧٨)، الموسیقی في بغداد، مطبعة الأمة، بغداد.
لایختریت- هوجو، (١٩٦٤)، الموسیقي والحضارة، ترجمة احمد حمدي محمود، المؤسسة المصریة للتألیف و الترجمة.

https://www.facebook.com/namdar.qeredaxi,2010.

https://www.facebook.com/historyofkurd/posts/16204966913406079/

سەرکار، خالید،٢٠١١: چاوپێکەوتنی ڤدیۆی تایبەتی توێژەر.
دارتاش، فەرەیدون،٢٠١١:چاوپێکەوتنی ڤدیۆی تایبەتی توێژەر .